# کەی حیزبی کۆمۆنیست شایستەی مانەوەیە؟

**ناسری حیسامی**

ئەو کەسەی لەشساغە و دڵی بەدنیا خۆشە، هەزار نەخشە دەکێشێ بۆ داهاتووی خۆی. بەردەوامیش، چاو لە کارنامەی خۆی دەکاتەوە تا بزانێ چی کردووەو، کاری تا کوێ بەرەوپێش چووەو، لەم هەنگاوەی ئێستایدا دەبێ چی بکا. قسەوگوفتاری، هەمووی دەبێتە باسی کارو داهات ودەسکەوت. بەڵام ئەو کەسەی نەخۆشەو لە جێدا کەوتووە، هەموو ئاواتی دەبێتە ئەوەکە چاک بێتەوە. قسە و گوفتاریشی، هەمووی دەبێتە باسی نیعمەتی لەشساغی.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەوەنزیکەی پێنج ساڵە، قسە لەسەر مان و نەمانیەتی. جاران هەر ئەوانەی نەیاری بوون، دەیانگوت نابێتە حیزب. ئێستا ئەوە سێ ساڵە، ئەوانەی ئاویشی بەدەممەوە دەکەن دەڵێن خۆپیوەماندووکردنی بێفایدەیە. بەڵام کەس لەوانەی بە پەرۆشی مانەوەی حیزبەکەن، خۆ لەو باسە نادەن بۆچی ئەم حیزبە وەک نەخۆشێک کە ئازارە باریکەی گرتبێ، رۆژبەرۆژ زیاتر دەقوپێ. لە جیاتی ئەوەی چاو بکەنەوە و ئەو ڕاستییە ببینن کە ئەو حیزبە لە دەروونەوە داوەشاوە، خەریکن کرمی خەیانەت لە جەستەی مرۆڤەکان و ئەندامانی پێشوویدا دەبیننەوە.

سێ ساڵ لەوە پێش، مانگی مای ساڵی 2001، ئیبراهیمی عەلیزادە و سەلاحی مازووجی، دوو کەس لە ڕابەرانی لەمێژینەی حیزبەکە، وتارێکیان نووسی بە ناوی ((دفاع از حزب کمونیست ایران، یک ضرورت سیاسی)). دوێنێ، 7ی دیسامبری 2004 بهرام رحمانی، ڕابەرێکی تازەی حیزبەکە، وتارێکی نووسیوە بە ناوی ((دفاع از حزب کمونیست ایران، یک ضرورت سیاسی)). بەم جۆرە دەردەکەوێ، سێ ساڵ و شەش مانگ دوای وتاری یەکەم، هێشتا قسەلەسەر ((دیفاع)) لە حیزبەکەیە. ئەو حیزبەی قەرار وایە ئامێری دەستی چینی شۆڕشگێڕ بێ بۆ گۆڕینی جیهان!! و ژێرەوژوورکردنی!! نەزمی ناعادڵانەی سەرمایەداری، ئەوە ئێستا، هەموو کات و توانای ڕابەرانی بەوە گیراوە دیفاع لە خۆی بکەن و خۆی بەپێوە ڕابگرن بەلادا نەیە. حیزب قەرارە ستادی سەرکردایەتیی شۆڕش بێ، کەچی ئەوە چوار ساڵە هەموو ڕابەرانی حیزب، وەک کەسانێک کە بەدیار نەخۆشێکەوە وەستابن، بەدیار ئەم ستادی سەرکردایەتییەوە باسی ئەوە دەکەن دەمێنی یان بەلادادێ.

لای ئێمە، کە خەڵک بچنە لای نەخۆشێک، هیوای چاکبوونەوەی بۆ دەخوازن، بەڵام ئەگەر نەخۆشەکە زۆر هیلاک بێ و خەڵک هیوایان لە چاکبوونەوەی بڕیبێ، بۆ ئەوەی ماوەیەکی زۆر بە زەلیلی لە جێدا نەکەوێ، دەڵێن خوا ڕەحمی پێ بکا.

ئێستا تاقە دوعایەک بەکاری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بێ ئەوەیە کە ((خوا ڕەحمی پێ بکا)). ئاخر حیزبی کۆمۆنیست لە جیگاکەیدا بۆگەن بووە.

جاری وایە پێنج کەس، کە هاودڵ و هاوگوفتارن وخاوەنی ئیرادە و خواستی هاوبەشن، حیزبێک پێک دێنن و لەسەر بناغەی ڕاستەقینەی خۆی، دەیکەنە ناوەندی چالاکی و تەوژم وتوان. حیزبی کۆمۆنیست، چونکە بناغەکەی لە سەر فیشاڵ و چاووڕاو داندرا، سەرەڕای فیداکاری و هەڵسووڕانی دڵسۆزانەی ئەو هەموو مرۆڤەی بە بۆنەی کۆمەڵەوە تێی هاڵابوون، لە هەموو ژیانیدا بە کرمۆڵی مایەوە. لەوەتی ئەم حیزبە هەیە، کەسەکان تێیدا بە کونفەیەکوونێک دەبنە "خاین" و "پیاوی دوژمن" و "پیاوی ئەمپریالیزم'. لە حیزبی کۆمۆنیستدا، هیچکەس نەیتوانیوە ڕەخنەبگرێ و نەبێتە پیاوی کۆماری ئیسلامی.

لەسەرەتاوە تا ئیستا، ئەوە هەر ڕۆژەی کەسێک و گرووپێک لە ناو حیزبەکەدا لەبابەت بەکارهاتوویی حیزبەکە گومانیان لێ پەیدا دەبێ و، ئەوانەی هێشتا گومانیان لێ پەیدانەبووە، تۆمەتیان دەدەنەپاڵ. گومانم هەیە

له دنیادا حیزبیکی دیکه هەبێ به قەد ئەم حیزبە لە بەخشینەوەی تۆمەت و تاوان بەسەر ئەندامانی پێشووی خۆیدا دەستودڵ ئاواڵە بێ.

گروه ناسیونالیستی موسوم به «زحمتکشان کرد» به سرپرستی عبدالله مهتدی که چند سال پیش از کومه له جدا شدند، به سرعت به سوی گرایشات ناسیونالیستی و امپریالیستی خیز برداشتند. اخیرا نیز اسناد مذاکره این جریان با نمایندگان جمهوری اسلامی در کردستان عراق، توسط یک روزنامه نگار فرانسوی افشا شده است، در مورد مطلب این 7 رفیق ورق های زیادی را سیاه کرده است. ((له وتاری بهرام رحمانی))

ئەوه که کۆمەڵه چۆن ناوی بووەته ((گروه موسوم به زحمتکشان کرد))و چۆن بەرەو ((گرایشات ئەمپریالیستی)) خیزی بەرداشتووه و، خەبەرنیگاری فەرانسەوی کامه ((ئەسناد))ی ((ئیفشا)) کردووه، تەنیا ڕابەرانی ڕاستگۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەتوانن وەڵامی بدەنەوه. ئەوه باسه سیاسییەکەیانه و وای دادەنێین ((لەپێناو قازانجی چینی کرێکاردا)) تۆمەتیان بۆ ((گەرایشاتی ئەمپریالیستی)) هەڵبەستووه. بەڵام ئەو درۆیەیان له پێناو چیدا هەڵبەستووه، که نووسیویانه کۆمەڵه ((در مورد مطلب این 7 رفیق ورق های زیادی را سیاه کرده است.)) هەتا ئێستا کۆمەڵه به یەک وشەش، بەچاک و خراپ، باسی ((مطلب این 7 رفیق))ی نەکردووه.

حیزبی کۆمۆنیست له گەڵ گەندەڵبوونی خۆی خەریکه کەسایەتی و ئەخلاقی ئەندامەکانیشی تووشی داڕزان دەکا. ئەوکەسانەی دەیانتوانی وزەی خۆیان سەرفی کارێکی سوودمەندو ڕەوا بکەن، ئێستا لەو حیزبە سیس و چرچەدا هەموو هەوڵ و هیممەتیان تەرخان کردووه بۆ خۆفریودان، درۆکردن و تۆمەتهەڵبەستن.

کارنامه بیش از دو دهه حزب کمونیست ایران، که همواره در جهت سرنگونی رژیم سرمایه داری جمهوری اسلامی و برپایی! حکومت! کارگری! و لغو! کار مزدی! و مالکیت خصوصی! و رسیدن به یک جامعه انسانی!!!! آزاد!!!!! و برابر!!!!! کمونیستی گام برداشته که جامعه از آن مطلع است!!!!!!!!! ((بهرام رحمانی))

ئەوه ئیدیعای بەهرامی ڕەحمانییه له بابەت حیزبەکەیان وچینی کرێکار و کۆمەڵگای ئازاد. کەسێک که ئیددیعاکەی لەبابەت خۆی و کۆمەڵگای ئینسانی تائەم ڕادەیه دوور بێ له ڕاستی و، تا ئەم ڕادەیه ئاوێتەی چاوڕاو بێ، دیاره له بابەت ((گرایشات امپریالیستی))ش هەر ئەوەندە ڕاستگۆیی له قسەیدا دەبێ.

حیزبی کۆمۆنیست، هەتا ئێستا هیچ چاکەیەکی له کۆمەڵگادا لێ نەوەشاوەتەوه. قەت کارێکی خێری بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا لەدەست نەهات. قەت سەمبول و ڕەمزی ئەخلاقی بەرز نەبوو. قەت له کردەوەدا و له دەروونی خۆیدا، نوێنەری فەرهەنگی بەرز و نیشانەی ڕێزگرتن له بایەخەگەشەکانی ژیانی مرۆڤ نەبوو. دەستی به دەرەوەی خۆی ڕانەگەیشت و، دەرفەتی ئەوه نەخوڵقا بزانین له کردەوەدا چەنده پابەندی ئیددیعاکانی خۆی له بابەت کۆمەڵگای بەختەوەر دەبێ، بەڵام له ناوخۆیدا قەت تێکۆشەری ڕێبازی بەدیهێنانی ئازادی و کەرامەت و ڕێزی مرۆڤ نەبوو. به درێژایی ژیانی ئەو حیزبە، مرۆڤەکان تێیدا گەش و سەرودڵخۆش نەبوون. کەسیش نەیتوانی بەسەرودڵخۆشی بەجێی بێڵێ. له نێو ئەم حیزبەدا به درێژایی تەمەنی بیست ساڵەی، یەکتر بوغزاندن، دەم لەجەرگی یەکترنان، تۆمەت بۆ نەیاری سیاسی هەڵبەستن، پاشمله غەیبەتکردن، پاشقول لەیەکتر گرتن، درۆ و دووڕوویی، هەڕەشەی کوشتن لەسەر ڕەخنەگرتن و ڕەفتاری دزێوی لەم چەشنه له کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکیی بیروڕادا، فەرهەنگی زاڵ بوون. کەی ئەم حیزبە دەتوانێ موژدەبەخش و بەدیهێنەری کۆمەڵگای مرۆڤی ئازاد و سەربەرزو بەختەوەر بێت؟ هەتا ئێستا، که چەندین جار جیابوونەوه و هەڵبڕان له نێو پاشماوەکانی ئەو ڕەوتەدا ڕوویداوه، هەمووی له جیاتی خستنەڕووی ناکۆکییه فیکری و سیاسییەکان، بوونەته شەڕوجنێودان و تۆمەتهەڵبەستن. هەرچی له بیست ساڵی ڕابوردوودا باسی مەسەلەی کوردی کرد پێیان گوت لایەنگری شێخ مەحموود!!! هەرچی لەم حیزبە جیابووەوه به لایەنگری حیزبی دیموکرات، هاندراوی یەکیەتی نیشتمانی، لایەنگری خاتەمی، لایەنگری حەجاریان، ڕاسپاردەی پ.ک.ک، هاوکاری ئیتلاعات و لایەنگری

گەرایشاتی ئەمپریالیستی، ناوزەد کراوە. حیزبێک کە لایەنگری هەموو ئەم ڕەوتانەی لەناو زگ دێتەدەر و لایەنگری خۆی هەر لەکەمبوونەوەدایە، هەڵوەشانەوەی بە قازانجتر نییە؟

بەهرامی رەحمانی کۆڵێک سیفەتی بریقەداری ڕیز کردووە کە گۆیا ئەو حیزبەخاوەنیانە و لە بیست ساڵی ڕابوردوودا بەو سیفەتانەوە ناسراوە و کۆمەڵگاش لێیان ئاگادارە.

ئەو شتەی ((جامعه از آن مطلع است)) ئەوەیە کە ئەو حیزبە تەنانەت نەیتوانیوە ئەندامانی لەمێژینەی خۆی بەوە ڕازی بکا لەگەڵی بمێننەوە، ئەوەیە کە نەک هەر نەیتوانیوە ئەخلاقی بەرز و کەرامەت و بایەخی شایستەی مرۆڤی ئازاد پەرە پێ بدا، بەڵکوو لە نێو ئەو کەسانەشدا کە بە بۆنەی کۆمەڵەوە تێیدا بوون، دڕدۆنگی، قرەوکێشەی بێ برانەوە و تۆمەتهەڵبەستنی پەرە پێدا، دابڕان و جیابوونەوەی یەک لەدوای یەکی کردە پیشە و، کینە و نەفرەت و دڵکرمۆڵی و قسەی تاڵی کردە ڕایەڵەی نێوان هەموو کەسەکانی خۆی. ئەوە چۆن دەتوانێ کۆمەڵگای ئازاد بخولقێنێ.

بە ناوی داکۆکی لە بەرژەوەندی بەرزی کرێکاران و ئەخلاقی بەرزی شایستەی مرۆڤ، ئەم حیزبە ڕەزاقورسە و فەرهەنگە پیسەکەی توورهەڵدەن، با پێش هەمووکەس ئەندامانی خۆی، لە دەستی ڕزگار بن. خۆ قازانجی بۆ کەس نییە، ئەم هەموو ئازار چەشتنەی ئەندامانی، لە پێناوی چیدا؟